www.kurdistannet.net 8-10-2002

# پەرلەمانی کوردستان
# یان
# ئەنجوومەنی خوێنڕێژان؟

حەمەسەعید حەسەن

بەشێکی گرنگ لە پەرلەمانتارانی کوردستان، قارەمانانی شەڕی ناوخۆن و تەنانەت هەندێکیان قەسابخانەیان بۆ خەڵکی سیڤیلی کوردیش ساز کردووە. لە کاتێکدا سەرانی کورد داوای لێبوردنیان لە کەسوکاری قوربانیانی شەڕی ناوخۆ دەکرد، هۆڵی پەرلەمان تژی بوو لە خوێنڕێژان.

پێکهاتن، شەڕ، پێکهاتنەوە.* پێش ڕووداوەکەی قەلادزە، جەلال تالەبانی لە کۆنفرانسی ڕێکخستنەکانی دەرەوی ‹ینک›دا، کە ١٩٩٤ لە بەرلین ساز کرا، ئەو دروشمەی بڵند کردەوە، کەواتە ئەو شەڕەی بە ڕێکەوتننامەی واشینگتۆن کۆتایی هات، بە پریشکی ڕووداوەکەی قەلادزە، کڵپەی نەسەند، بەڵکوو ینک زۆر پێشتر پلانی بۆ داڕشتبوو، هەر بۆیەش لە ماوەیەکی کورتدا، ‹پدک›ی لە سنووری بادینان توند کرد.

بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆ ڕوو نەداتەوە، پێویستە قارەمانانی شەڕی کوردکوشتن بدرێنە دادگا، نەک بکرێنە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان. ئاخر تا بازرگانانی خوێن بە سزای ڕەوای خۆیان نەگەن، ئەستەمە ئاشتی سەقامگیر ببێت. من هیچ دڵم بەو ئاشتییە خۆش نییە، کە خوێنڕێژان سۆزیان داوە، بیپارێزن، کە کوردکوژان لە بری ئەوەی سزا بدرێن، خەڵات دەکرێن.

2002. 10. 08

* کاسێتی کۆنفرانسەکە.